# نارەزایەتی نەقابەیی لە هۆلەندا

جلال سۆفی

لە هەفتەکانی ڕابردوودا خەلکێکی زۆر لە هۆلەندا بە شێوەی جۆراوجۆر د بە سیاسەتە د وارەکانی حکومەتی ڕاستی هۆلەندی ڕ انە مەیدان, نارەزایەتی خۆیان د بە پێشنیارو ئجرائەتەکانی کابینەی بالکنندە سەبارەت بە بیمە کۆمەلایەتیەکان و زێدەکردنی سالەکانی قانوونی خانەنشینی نیشاندا. ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن فدراسیۆنی سەرتاسەری نەقابەکانیFNV, CNVوMHP سازدرابوو. هەروەها بەشداری و هاوپشتی جدی کرا لەلایەن ئۆپۆزیسۆن و جەب و سۆشیالیستەکانی ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان.

لە 2 ئۆکتۆبەری ئەم مانگەدا پتر لە 300 هەزار کەس لەخۆپیشاندەران لە مەیدانی میوزیەم پلاین و ریگاوبانەکانی تری شاری ئەمستەردام کۆبوونەوە, نیشانیاندا کە هۆلەندا دەربارەی بیمە کۆمەلایەتیەکان شایانی ڕێکخستنێکی باشترە.ئەم نارەزایەتیە گەورەیە جێگەی سوپاس پێزانییێکی دیاربوو لەلایەن نەقابە کرێکاریەکان. ئەمەش نەك هەر لەبەر قایمکردن و بەهیزکردنی جێگەو ڕێگەی نەقابەکان بەلکو ئەم خۆپیشاندانە تاکیدی کردەوە کە هاوپشتیی تەبەقاتی بۆ هەر لەحزەیەك زیندووە.

بەلێ ,ئەم ئەکسیانە بێ تەئسیر نەبوون لەسەر بزووتنەوەی سیاسی گشتی لە هولەندا, ئەوە بوو پەرلەمان و حکومەت پاشەکشەیان کرد بە تاییەت بەرامبەر بە تەرحی زێدەکردنی سالەکانی قانوونی خانەنشینی لە تەمەنی 57 سالی یەوە بوو بە 55 سال.

شایانی باسە ئەم سوکە پاشەکشێ یەی حکومەت, بۆ ئتحادیە کرێکارەکان هێشتا جوابگۆ و مەرامی تەواو نییە.

حکومەت تا ئەم لەحزەیە گوێی داخستووە بەرامبەر نارەزاییەتی خەلك دەرهەق بە کەم کردنەوەی بودجەی بیمەی ئامادەنەبوون بۆ کار بە هۆی نەخۆشییەوە یاسای WAO.کەم کردنەوەی بیمە بێکاری یاسای WW .

هێشتا نەقابە کرێکاریەکان کۆتاییان بە نارەزایەتیەکان نەهێناوە و بڕیاریان داوە درێژە بدەن بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی بە تاییەت لە بەشەکانی هاتووجۆی گشتی, تەندروستی, فێرکردن و پەروەردە و بەشێك لە شارەوانیەکان. نەقابەکان دەیانەوێت بەهاوپشتی حزبە جەپ و سۆشیالیستەکان لە کورت ماوەدا کەم کردنەوەی سالەکانی یاسای خانەنشینی بخەنە بەر دەنگدان, لە ڕێگەی ڕیفەراندۆمێکەوە ڕا پرسی خەلك بکەن.

2004–10–15